ئەوەی پشت بە ساختەکاری ئەبەستێت خۆی دەخەڵەتێنێت و عەیبداریە. ڕۆژێک موفاجەئەی کەوتنی بۆ دروست دەبێت کە حیسابی بۆ نەکردووە..

رادیۆی ئاکرێ پرسیاری کرد دەربارەی هەڵبژاردنی عێراق کە باس لەوە کراوە یەکگرتوو وکۆڕان بۆ ئەو هەڵبژاردنە جۆرە تەنسیقێك لەنێوانیاندا دەبێت بۆ ئاڵوگۆڕی دەنگەکان، بەجۆرێك لە دەڤەری بادینان کۆڕان دەنگ بە یەکگرتوو بدات تا بەلایەنی کەم بەشی کورسیەك بکات و، لە بەرامبەر دەنگدانی یەکگرتوو بە کۆڕان لە کەرکوکدا، هیچ جۆرە شتێکی وا بوونی هەیە لە ئێستا یان لە ڕۆژی هەڵبژاردن؟

لە وەڵامدا مامۆستا سەلاحەدین وتی:من نەم بیستوە و بە شتێکی وای نازانم. ئەوە یەکێکە لەو پروپاگەندانەی کە دەکرێن، تەنسیق لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا و لەنێوان لیستەکاندا سروستییە و پێویستیشە هێزەکان تەنسیقیان ببێت، بەڵام ئەوەی تەنسیقی لەو جۆرە شتی وانییە، بڕواشمان بەوە نییە، ئەوە ئەو کەسانە بڵاوی دەکەنەوە تەسەوریان وایە بۆ نموونە بادینان حەسرە لەسەر لایەنێك، بەشی یەك کورسی دەمێنێتەوە بە هەموو خەڵکی تڕە و بەشی دەدەن، ئێمە وا نازانین، بەڵکو بڕوامان وایە بادینان و سۆران و سلێمانی و دهۆك و هەولێر هاوڵاتی دەنگدەری کوردستانی ڕەنگە قسەی تری هەبێت، ڕەنگە موفاجەئات ببێت، ڕەنگە خەڵکی تر بکاتە شەریکی ئەو حاڵەتەی کە ئێستا هەیە و، هەڵبژاردنی (٣/٧) ڕەنگە گۆڕانکاری زۆر دروست بکات و، ئێمە وەك یەکگرتوو لە کەرکوکیش ئامادەین، لە بادینانیش ئامادەین، دەنگی کەسمان ناوێت خۆمان چەندمان هێنا، هاوڵاتی چەند متمانەی بوو و دەنگی پێدراین ڕێزی لێ دەگرین و شانازیشی پێوە دەکەین، بەشی کوردی کرد یان نا، ئەوە باسێکە زۆر گرفت نییە، ئێمە لەو هەڵبژاردنەدا یەك کورسی بێنین، هیچیش نەهێنین پەشیمان نابینەوە کە دەبێت لیستمان جیاواز بێت و ئیسپاتی بوونی خۆمان بکەین بەجیاواز، ئێمە پاشکۆی کەس نابین و لە هەمان کاتیشدا مامەڵەی لەو جۆرە بە پێویستی نابینین.

سایتی یەکگرتوو دەپرسێت: وەك ئاماژەت پێکرد لە (٩٢)ـەوە هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت، بەڵام سەرجەمی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان شێوێنراوە و ڕاستەقینە نین، بەوەی تەزویر کراوە لە سەرجەمیاندا ئەنجامی ڕاستەقینە نین، باشترین ڕێگە چیە کە یەکگرتوو بیگرێت لە هەڵبژاردنی داهاتوودا تا لانی کەم خروقات و تەزویرەکان کەم بکرێتەوە؟

ئەمینداری گشتی لەو بارەوە دەڵێت: دیارە تەزویر و ساختە ئەنجامی ئەو ڕۆشنبیرییە دواکەوتووەیە، کە بەداخەوە لە ساحەی ئێمەدا هەیە کە کەسێك وادەزانێت هەر دەبێت ئەو بێت، ئەگەر ئەو هەموو کورسیەکان یان زۆرینەی زۆری وا نەبات ئەوە عەیبدار بووە کە ئەوە لەڕاستیدا وا نییە، ئەوە هەڵەیە، لە شوێنانێ تر کە پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت ئەنجامەکەی هەرچی بێت و چەندە دەنگی هێنابێت ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی موراجەعە و دیراسەی خۆی بکات و، خۆی ناخەڵەتێنێت و هیچ پێویستی بە دۆر و ساختەکاری نییە، دەنگ لە خۆی کۆبکاتەوە، ئەوە ئەمجارە ساختەی کرد، ئەی جارەکەی تر؟! ئەوەی پشت بە ساختەکاری ئەبەستێت خۆی دەخەڵەتێنێت و، عەیبداریە، ڕۆژێك موفاجەئەی کەوتنی بۆ دروست دەبێت کە حیسابی بۆ نەکردووە، ئەوەی ئێمە دەبێت بیکەین ڕەنگە هەندێکی پێویست نەبێت لێرە بیلێم، بەڵام وەکو دەزگای هەڵبژاردنمان ئەوەندەی کە مەجالی هەیە کاری کردوە، یاداشتی داوە، لەو شوێنانەی یان شتانەی کە مەجالی ساختەی تێدایە، لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن قسە کراوە، لەگەڵ چاودێرەکان هەروەها لەگەڵ ئەو هێز و لایەنانەی کە چاودێری دەکەن لە نێودەوڵەتی و ئەوروپییەکان باسکراوە، کە ئەو شتانەی کە تەزویری تێدا دەکرێت، بۆ ئەوەی کە پرۆسەکە ناشیرین نەبێت و بۆ ئەوەی کە ئەو هێزانەی بەو تەزویرە نەخەڵەتێن، چونکە بەڕای من قیادەی هەر حیزبێك و هەر لیستێك حەزی لەوەیە کە بزانێت بەڕاستی دەنگی ڕاستەقینەی چەندە، نەك بە درۆوە پڕ کردنەوە و دوایی لە کتوپڕێك و لە شتێکی تردا ڕاستییەکان دەربکەون، بەدرۆوە کۆکردنەوەی دەنگ و تەزویر کردن ئەوەندەی هێزە بەرامبەرەکان زەرەر دەکەن سێ ئەوەندە ئەو هێز و لایەنەی تەزویری بۆ دەکرێت زەرەر دەکات، چونکە خۆی دەخەڵەتێنێ و، موفاجەئاتی خەتەرناکی سەلبی چاوەڕێی دەکات، لەبەر ئەوە ئێمە وا بەتەمایین کە ئەو ساختەکارییە زۆر کەمبووبێتەوە و ڕۆشنبیری هێزە سیاسییەکان و لیستەکەیان گەیشتبێتە ئەو ئاستەی کە ساختەکاری عەیبەیەکی گەورەیە و، هەڵەیەکی گەورەیە لە نیشتمانپەروەری و نەتەوایەتی و خەتەرێکیشە بۆ ئاسایشی نەتەوەییمان.

تەلەفزیۆنی کەرکوك پرسیاری لە بارەی ئەوەوە بوو کە پێش (٢٠٠٣) دروشمی (کەرکوك قودسە یان دڵی کوردستانە)، بەڵام لەوە بەدواوە وا هەست دەکرێت کەس خۆی بە خاوەنی ناوچە دابڕاوەکان ناکات، پرۆژەی سیاسی یەکگرتوو بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان چییە؟

ئەمینداری گشتی لەوبارەوە وتی: هەرچی بڵێین دەربارەی کەرکوك حەقی خۆیەتی، دڵە، جەرگە، قودسە، هەرچی هەیە کەرکوك بەشێکی گرنگە مەسەلەی نیشتمانی کوردستانە و مەسەلە کوردستانییەکانە، بەڵام چۆن مامەڵەی لەگەڵ کراوە و چۆن کاری بۆ کراوە ڕەنگە لەوەدا قسە بکەین، ئێمە وا دەبینین کە هیچ نیشتمانپەروەرێك هیچ هاوڵاتیەکی دڵسۆز و تەواو ناتوانێت مامەڵە بکات بەسەر مەسەلەکانی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانەوە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت هەموو ئەدائی کوردی و هەموو ئەو کارانەی کراوە لەو ناوچانەدا دروست بووە، چونکە جاری وا هەیە یەکێك لێی نازانێت، جاری واهەیە سەرکردەکە نەفەرێکی تر دەتێرێت یان بەرپرسێکی هەیە، بەرپرسە ناوچەییەکە ئەهل نییە و لە ئاستی پێویستدا نییە، لەبەر ئەوە ئەوەی کە کرا بەداخەوە نەوعێك لە خۆ خەڵەتاندمان تووش هات، خۆمان خەڵەتاند بەوەی کە کەرکوك لەدەست کورد دایە، ئەوە لە موسڵ هەمەکارەین، لە دیالەش ئاوا، بەڵام کە گەیشتە جدیاتوا دەرنەچوو و، تووشی هەڵە بووین، حیساباتمان تەواو نەبوو، ئەو خەڵکانەی کە لەوێ بەرپرسیارێتیان کرد و نوێنەرایەتیان بەرپرسیارێتیان گرتە دەست لە بەرژەوەندی ئەوەی ئەو ناوچەیە ئامادە بکەن بۆ کاتی ڕاپرسی و، ئەوەی کە مادەی (١٤٠) ئەنجام بدرێت، هەر ئەوانە خۆیان گرفتیان دروست کرد و بوونە ئەو خۆرەی کە خەڵکەکە دڵسارد بێتەوە و ئەولەویدت دروست نەبێت. ئێمە وەك یەکگرتوو دێینەوە سەر سەرەتای باسەکە و دەڵێین کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان بەشێکی دانەبڕاون لە کوردستان، بەڵام وەزعە ئیداری و سیاسییەکەی پەیوەندی بەو حاڵەتە سیاسییە هەیە لە عێراقدا و پەیوەندی هەرێم لەگەڵ بەغدا، کار بۆ ئەوە خەبات و ئیشی دەوێت، ئیشی جددی دەوێت، لە یەکگرتوو پێمان وایە ئەو خەڵکەش پێکەوە دەژین لە کەرکوکدا پێش هەموو شتێك گرفتیان سیاسی نییە، بەو مەفهومەی کە شەڕیان بێت، گرفتیان کۆمەڵایەتی نییە، خزمی یەکن، تورکمانێك، عەرەبێك، کوردێك لە کەرکوکدا نزیکن و لە بازاڕ پێکەوەن، بەڵام ڕەوشی حیزبی و ئاراستەی حیزبی و شێوازی مامەڵەی حیزبی زیانی زۆری داوە، حیزبی لە هەموو لایەنەکانەوە، چونکە کورد لەوێ دەوری زۆرتری هەیە، ڕەنگە پشکی زۆرتری بەربکەوێت لە هەڵەکان، ڕەوشەکە دەبێت حیزبی نەبێت، دەبێت عەقڵێکی سیاسی لە ئاستی و ئەو گرفتەدا بێت کە گرفتێکی مێژوویی گەورەیە و مەسەلەیەکی سیاسی گەورەیە لەسەر ئاستی ناوچەکە. کەرکوك ئێستا گرفتەکەی بۆتە نێودەوڵەتی، لەوە دەرچووە عێراق بەتەنها قسەی لەسەر بکات، کەواتە مەسەلەیەك بەو گەورەییە دەبێت بە قورسایی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و بە حیکمەتێکی زۆر، ئاشتەواییەك دروست بکرێت، حاڵەتی کۆمەڵایەتیەکەی ڕێك بخرێتەوە، پاشان کەم کەم بە ئیدارەیەکی هاوبەش بێت یان هەر چۆنی تر بێت کار لەسەر ئەوە بکرێت، لەلایەکی تریشەوە کار لەسەر بەدەستوری چارەسەرکردن لە (١٤٠) دا بکرێت، ئیش لەسەر ئاشت کردنەوەی ئەو خەڵکە تۆراوانە لە هاوڵاتییە تورکمان یان عەرەبەکان بکرێت، ئەو خەڵکەی کە هاوردەیە و هێنراوە بەخۆشی مامەڵەیەك لەگەڵ بکرێت کە لە سەردمانێکدا خەریك بوو خۆیان بڕۆنەوە، بەڵام دوایی مەسەلە سیاسییەکان نەیهێشت و هەندێکیان گەڕانەوە، ئەوەش دەبێت بەخۆشی چارەسەر بکرێت، لە ئەنجامدا چارەسەرەکە وا ساده نییە، بەڵام کار بۆکردنی ئەرکی هەموو لایەکمانە، ئێمە وەك یەکگرتوو هەمیشە ئامادەیی خۆمان دەربڕیوە کەچی بەئێمە بکرێت، هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی کورد لەگەڵ ئێمە نێوانمان تاڕادەیەك تەفاهومی هەیە، بەڵام ئەوەش هەیە کە مەسەلەکە وا ئاڵۆز بووە بەو ساده‌ییە چاوەڕێی چارەسەری نابێت بکەین، بەڵام کەرکوك دەبێت بە هەموومانەوە خزمەتی بکەین، تاوەکو ئەو ئاشتەواییە کۆمەڵایەتییە لە ناومانڵی کەرکوکیەکاندا دروست بێتەوە و خەڵکەکە وەك برا بژین، دوایی دەکەوێتە سەر کوێ ئەوە باسی دووەمە، سەرەتاکەی دەبێت خەڵکی کەرکوك ئاسودەبن و ڕەفاهیەتیان ببێت، خزمەتگوزارییان پێشکەش بکرێت، بەشی نەوتیان هەیە، ئێستاش لە قانون ئەوە دەرچووە خۆشبەختانە، بەشیان بدرێت لە خزمەتگوزاری، کەرکوکیەکان شانازی بکەن بەوەی کە خەڵکی کەرکوکن و لەوێ ئاسودەن و کار لەسەر ئەوە بکرێت، دەبێت بە هەموو لایەکمانەوە هەوڵی ئەوە بدەین.

رادیۆی دهۆکی دەنگی یەکگرتوو دەپرسێت: یەکگرتوو چەند پرۆژەیەکی چاکسازی پێشکەش کردووە، ئایا توانیویەتی ببێتە بەشێکی کارا لەسەر ئاستی کوردستان؟ لە وەڵامدا ئەمینداری گشتی دەڵێت:

دیارە یەکگرتوو ئەو هێزەیە وەك وتمان نەتەواوەتەوە لەو هەموو ئاڵۆزی و دابەشبوونەی کوردستاندا و خۆی پاراستوە و تایبەمەندی خۆی پاراستوە، لە هەمان کاتدا هەمیشە بەشێك بووە لە چاکسازیو ئاشتەوایی نیشتمانی و پرۆژەکانی یەکگرتوو هەمیشە ئیسلاحی و خێرخوازی بوون و هەمیشە ئەولەویەت لای ئێمە حیزبی نەبووە بەقەدەر ئەوەی نیشتمانی بووە، ئێمە مەسەلەیەکی گرنگی وەك ئیسلام و دین، وەك چارە دەبینین نەك وەك گرفت بۆ میللەتی ئێمە، میللەتی ئێمە ئەوەندە گرفتی کەم نییە دینیشی بکەینە گرفتێکی تر، ئایین دەبێت خزمەتی مرۆڤ بکات، خزمەتی گەل بکات، لەبەر ئەوە هەموو ئەو جوهدانەی سەرفی دەکەین، هەموو ئەو بانگخوازییەی ئەنجام دەدرێت بۆ ئارامکردنەوەی تاکی کوردی، بۆ ڕاستکردنەوەی چەمکی تێگەیشتن لە ژیان و تێگەیشتن لە نیشتمانیەت و دین و ئیشەکانمان جۆراجۆرە، لە مەسەلە سیاسییەکاندا بەجۆرێك بەشداربن، لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشێوەیەك، لە مەسەلە پەروەردەییەکاندا بەشێوەیەك، لە مەسەلە فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییەکاندا بەشێوەیەك لە چەند لایەنێکەوە ئیش دەکەین لەسەر گەنج و ئافرەت و ئەو شتانەی تر کە کۆمەڵگەی ئێمە گرفتەکانی یەك شێواز و جۆر نییە، بەڵکو چەند جۆرێکە لەبەر ئەوە لەسەر هەموویان پرۆژەی چاکسازی و ڕاستکردنەوە و ئیسلاحمان هەیە و بەردەوامە، سوپاس بۆخوا.

لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی ڕۆڵی ئافرەتان کە ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان باس لە زیادبوونی توندوتیژی دەکەن بەرامبەر ئافرەتان، بەتایبەت لە کوردستاندا، هەڵوێستی یەکگرتوو دەربارەی ئەو حاڵەتە چییە؟

مامۆستا سەلاحەدین وتی: ئافرەت وەك مافی مرۆڤ مافی خۆی هەیە لە ئیسلامدا، لە مەدەنیەتدا، لە دیندا مافی خۆی دیاریکراوە و هیچ پێویست بەوە نەبوو کە کەسێك بەو شێوەیەی کە ئێستا لە کوردستاندا بەداخەوە قسەی لەسەر دەکرێت. توندوتیژی لەسەر ئافرەت جیهانییە و ولاتی ئێمەشی گرتۆتەوە، لە هەموو دونیا و لە شوێنە پێشکەوتووەکانیش توندوتیژی هەیە بەرامبەریان، بەڵام لە ولاتی ئێمە هەندێ کاسبی ئایدیلۆژی بەسەرەوە دەکرێت، هەندێ جار خەریکە دەیکەنە خەتای دینداری، کە وانییە، ئەگەر دینی ڕاستەقینە بووایە بەو شێوەیە نەدەبوو، ئافرەت لە ئیسلامدا مافەکانی زۆر دیارن، ئەوە لە تێنەگەیشتنی ئیسلامە ئەو توندوتیژیە دروست دەبێت. ئێمە وەك یەکگرتوو گرنگیمان بە حزوری ئافرەت داوە و ئامادەبێت لە هەموو مەحفەلەکان لە هەموو ئاستەکان، لە هەموو پۆستەکان، لە پۆستە سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە ئامادەبوون لە کاتێکدا خەریك بوو هەندێ داب و نەریتی کۆمەڵایەتی دواکەوتووە وەکو دین ئەفرۆشرایەوە بە خەڵك، وە ئافرەت غائیب دەکراو دوور دەخرایەوەو پشت کەنوو دەخرا، ئێمە هەر لەسەرەتاوە کارمان لەسەر ئەوەکردە کە ئافرەت بوونی هەیە لەکاری یەکگرتوودا و هەمیشە حازرە، وە هەموو ئەو توندوتیژیەی کە دەکرێت بە تەحەداوە دەڵێین ئەگەر یەك ئافرەت لەماڵێکی یەکگرتوودا بدۆزنەوە کە توندوتیژی بەرامبەر کرابێت، هەموو ئەو سەرژمێریانەی کە هەیە هەمووی لەدەرەوەی ماڵەکانی یەکگرتووە، لەبەر ئەوە یەکگرتوو بەکردار توانیویەتی کە ڕێز لە ئافرەت بگرێت، وە ڕێزەکەی منەتێکی نیەو ڕێزی خۆیەتی، بەڵام ئەوەش هەیە کە ئەوە بەشێکە لەئەرکی خۆی و ئێمە فەرزمان نەکردووە بەسەریدا، تێگەیشتنی خۆی و ئیلتیزاماتی ئەوە دیاری دەکات، ئێمە شانازی دەکەین لەوەی بەکردەیی ڕێکخراوی یەکگرتووی خوشکان ڕۆڵی باشی هەیە، وە بەشداری خوشکانمان لەیەکگرتوودا، **هەمووجار ئەوەمان وتووە کە یەکگرتوو یەکگرتووی خوشکان و برایانە تەك تەنها برایان**،ئومێد دەکەین ئەو توندوتیژیە کە دەکرێت کاری لەسەر بکرێت و هەموولایەك سەرکەتووبین لەڕێگرتن لێی و قەڵاچۆکردنی کە دیاردەیەکی دواکەوتووە.

یەکێکی تر لەئاماەدەبووان پرسیاری کرد لەبارەی ئەنجومەنی باڵای پارتی سیاسییەکانەوە کە پاش کارکردنێکی زۆر، کارەکانی ڕاگیراو هەڵوەشێنرایەوە، بۆچوونی یەکگرتوو لەو بارەوە چیە؟

لەوەڵامدا مامۆستا سەلاحەدین روونی کردەوە کە:

ئەنجومەنی باڵای حیزبەکان لەڕاستیدا ئێمە لەکاتی خۆیدا پێنج حیزبەکە داوامان کرد لە سەرۆکایەتی هەرێم و پێکهێنرا، شتێك بوو هاوشێوەی بەغدا کە ئەنجومەنی سیاسی هەیە، ووتمان ئەوە بۆ ئەوەیە، لاتیحەیەکی هەبوو و مانگانە دانیشتنمان هەبوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەش شاراوە نیە کە وەك پێویست کارا نەبوو، بەڵام زۆریش خراپ نەبوو، قیادی بوو، موداوەلەی شتەکان دەکرا لەو ماوەیەدا، بەڵام لەکتوپڕێکدا وەستێنرا، دیارە هۆکارەکەش ئاشکرابوو کە ئێمە وەك چوار حیزب ڕاپۆرتێکمان پێشکەشکرد، دیارە سەرۆکایەتی هەرێم نیگەران بوو لەوەو لەلای خۆیەوە وەستاندی، ئێستا قسەوباسی ئەوە هەیە کە دووبارە ببێتەوە، ئەگەر بەو شکڵە بێت و سویچەکەی لای سەرۆکی هەرێم بێت داینخات و بیکاتەوە زۆر عەمەلی نیە، بەڵام ئەگەر لەڕووی عەقدێك و پێکەوە قسەی لەسەر بکەین کە ئایا ڕۆڵی چیەو بەرنامەی چیە؟ چی لە ئێمە داوا دەکرێت و چی لەسەرۆکایەتی هەرێم وحکومەت و پەرلەمان داوا دەکرێت؟ ڕەنگە کەلکی ببێت، بەڵام ئەگەر هەر بۆ جوانی و بۆ دانیشتن بێت، یەك لایەنە بێت، ئێمە وەك یەکگرتوو هێشتا قسەمان لەگەڵ نەکراوەو پێمان ڕانەگەیەنراوە، بەڵام باسیان لێوەکردوە کە پێك بهێنرێتەوە، ئێمە ئەگەر هاتە کاتی جدیات قسەمان هەیە، بەو شێوەی کە هیچ ڕۆڵێکی نەبێت و بەدەست لایەنێك بێت دایخات و وبیکاتەوە، ئێمە زۆر حەزمان پێی نیە، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەك بێت پێکەوە ڕێك بکەوین و کاربکەین و هەر بۆ میهرەجانی خیتابی نەبێت و بۆ ڕەسم گرتن نەبێت، ئێمە ئامادەین و لەهیچ ناترسین.

لەوەڵامی پرسیارێکی کەنالی ئاسمانی سهێدەدا دەربارەی پەیوەندییەکانی یەکگرتوو لەگەڵ ئەمریکا پاش ئەوەی فشاری لەسەر کورد کرد بۆ دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای هەڵبژاردنەکان، بەڵام کوتلەی یەکگرتوو ڕەدی کردەوە، ئێستا ئەو پەیوەندییانە بەرەو کوێ چووە؟ هەروەها پرسیاریشی کرد دەربارەی پرسی هەڵبژاردن و هەڵوێستی یەکگرتوو تا مانا جوانەکان بۆ پرسی هەڵبژاردن بگەڕێتەوە، ملمۆستا سەلاحەدین وتی:

ئێمە خۆمان دەناسین و ئەمریکاش دەناسین ئەمریکا دەوڵەتێکی گەورەیەو بۆ بەرژەوەندی خۆی ئیش دەکات، ئەوەندەی ئێمە بیناسین و پەیوەندیشمان هەیە لەگەڵیدا، لەئاستێکدایە نە دەکەوێتە بەر پاشەکشێ، نە دەچینە پێشەوەش، چونکە سنورداره، بەڵام ڕاستیەکەش ئەوەیە کە هەڵوێستەکانی ئێمە لە کوتلەی یەکگرتوو لە بەغدا هەڵوێستی نیشتمانی و تێگەیشتنی خۆمان بوو لە مەسەلەکان، چونکە لە مەسەلەی کەرکوکدا ئەوە هەڵبژاردن دەکرێ و دوایی دەبینین، کە یەکێك لە بڕگەکانی قانونی هەڵبژاردن باسی ئەو شوێنانەیە کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن هەڵواسراوە تا وردبینی دەکرێت لە لیستی سەرژمێری و دەنگداندا، ئەوەش شتێکەو دوایی پێی دەزانن، ئێمە لەسەر ئەوە وەستاین و بایکۆتی دانیشتنەکە کرا، ئێمە هەڵوێستەکانمان جددی بوو، ڕاستە ئەمریکاش پێی ناخۆشە، بەڵام گوێمان لێی نەبوو چونکە وای تێگەیشتووین کە ئەمریکا حەز بە هەرچی دەکات مەرج نیە تۆ بەگوێی بکەیت، دەبێت تۆ بزانیت چەند لەگەڵ بەرژەوەندیتدا دەخوات، ئەمریکا وادەزانین بۆ بەرژەوەندی خۆی ئیش دەکات، ئێمەش دەبێت بۆ بەرژەوەندی خۆمان ئیش بکەین، ئێمە وەك کورد و خەڵکی کوردستان لەشتانێکدا یەك دەگرین ڕەنگە لەشتانێکی تردا یەك نەگرینەوە، ئەویش ئازادە ئێمەش ئازادین، بەڵام لەسەر ئەوە نابێت پەیوەندی بینا بکەین کە گوێرایەڵ بین و هەرچی وت ئێمە بڵێین بەڵێ، ئەوە دروست نیە بۆ هێزێکی سیاسی نیشتمانی، ئێمە پەیوەندیەکانمان سروشتییە، نە ئەوەندە لەپێشە بەو شتانە زیان بکات و، شتمان بەزۆر پێ بکەن، نە ئەوەندەش لەدوایە، ئەو شتانە شتێك ئیزافە ناکات، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەمریکیەکان بۆ ئینساف بڵێم شتی جدیاتی خۆیان هەر وتوە لەو شێوەیەی کە دەیکەن وتوویانە ئێوە گرفتەکانتان لەگەڵ عێراقییەکان ڕێك بخەن، وتوویانە ئێوە دەبێت حیساب بۆ ئەوە بکەن کە عێراق یەکپارچەیە، عێراق عێراقێکی ئیتحیادیە، دەبێت حیسابی ئەوە بکەن ئەو گرفتانەی کە هەتانە بە پشتی ئێمە شەڕ نەکەن، بەگفتوگۆی خۆتان،شتی جدییان وتووە، ئەوەندەی ئێمە دەیناسین بەئینسافەوە بڵێین ئەمریکیەکان مسداقیەتیان هەیە لەقسەکانیاندا ئێمەیان دەست نەبڕیوە، ئەوە هەندێجار خۆمانین شتەکان ئەوەندە ترش و خوێی پێوە دەکرێت، هەندێجار ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنوسی کاسبیش هەیە شتەکان زیاد لەحەد خوێی پێوە دەکات، ئەوە لەوێوە دروست بووە، ئێمەش دەبێت بەرژەوەندی نیشتمانی خۆمان لەپێشتر بێت لەهەر کەسی تر.

پرۆسەی دیموکراسی لەکوردستاندا بەردەوامە، ئەو هەنگاوانەی کە نراوە ڕاستە هەژدە ساڵ زۆرە، بەڵام هەژدە ساڵ ڕۆژ بە ڕۆژ ئافاقی چاکتر بوون دیارە، ڕۆژێك بوو زۆرێك لەو شتانەی ئەمڕۆ سروشتی بووە و قسەی لەسەر دەکرێت کراسی پیرۆزی کرابوو بەبەردا، کەس نەیدەوێرا قسەی لێ بکات و، کەس تەسەوری نەبوو کەسێك بێت قسەی لەسەر بکات، لەبەرئەوە زۆرلە مەسەلەکان بەرەوپێش چووە، بەڵام کۆسپیش هەیە و بەسستی دەڕوات، دەبوایە وا نەبوایە، دەبوایە ئەزمونی کوردستان ببوایەتە نمونەیەکی سەرکەوتووتر، بەڵام دیارە هۆکاری هەبووە، شەڕی ناوخۆ، حاڵەتی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری ئەوانەی کاریان بەدەستە، گێروگرفتی نێودەوڵەتی و دەورووبەر، ناسەقامگیری وەزعی ئاسایشی عێراق، هەمیشە ڕەچاوکردن و موجامەلات باوە، ئەوانە فرسەتی داوە بەوەی پرۆسەکە بەسستی بڕوات، بەڵام هەر دەڕوات،ئومێد دەکەم بەرەوپێش بچێت، بەتەسەوری من ئەو هەڵبژاردنەی (٧/٢٥) گرنگ بوو، ئەوەی کە دێتەپێش لە (٣/٧) هەروەها گرنگە.

پرسیارێکی تری ئامادەبووان دەربارەی ئەوەبوو کە لەتێوان جماوەری خەڵکی کوردستان و حاڵەتی سیاسی کوردستاندا بۆشایەکی گەورە دروست بووە، یەکگرتوو بە چ پرۆژەیەکەوە دەیەوێت ڕوبەڕووی ئەوحاڵەتە ببێتەوە؟ لەلایەکی ترەوە بۆچی یەکگرتوو بەلیستی سەربەخۆ بەشداری کرد و لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی یان لیستی ئیسلامی دروست نەکرد؟ لەوەڵامدا مامۆستا سەلاحەدین وتی:

درزێك لەنێوان هاوڵاتی و دەسەڵاتی کوردستانیدا هەیە زیادو کەم، لەکەسێك بۆ کەسێك و لەلایەك بۆ لایەکی تر، تەنانەت لەشارێك بۆ شارێکی تر جیاوازە، بەڵام بەگشتی نیگەرانییەك هەیە، ئێمەلە یەکگرتوودا بەموتڵەقی سەیری مەسەلەکان ناکەین، بۆچوونمان وایە کە دەسەڵاتی کوردستانی تێگەیشتووە کە دەبێت ئاشت ببێتەوە لەگەڵ هاوڵاتی و، دەبێت حیساب بۆ نیگەرانی هاوڵاتی بکات و، کار لەسەر ئاشکردنەوەی بکات، ئەو ڕەخنانەی دەگیرێت زۆری لەدڵسۆزییەو زۆری پێشنیاری چارەسەرە نەك دژایەتی، پرۆسەی تێگەیشتنی باش لە دەسەڵاتەوە بۆ هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و بۆ نوسەرێك یان ڕۆژنامەنوسێك کە قسەیەك دەکات، یان هاوڵاتییەك کە دەڵێت هیچ نەکراوەو نەفی هەموو شت دەکات، ئەم پرۆسەیە کاتی دەوێت، سنگ فراوانی هێزە دەسەڵاتدارەکانی دەوێت، نەخشەی باشی دەوێت بۆ هێزە بەرهەڵستکارەکان کە بەشێوەیەکی بابەتی و زانستی مامەڵە بکەن لەگەڵ مەسەلەکەدا، بەتەمانەبین لەپرێك ببێتە کورێك، کاتی دەوێت، کاری دەوێت، ئاشتکردنەوەی هاوڵاتی بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دەبێت،بەو دەبێت هەنگاو بەهەنگاو ببینێت خەریکە چاکسازی دەکرێت، هەر بەقسەو دروشمو وتار چارەسەر نابێت، یەکگرتوو دەیەوێت ئەو شتانە هەر بەجددی بێت و کاریش لەسەر ئەوە دەکەین، بەئینساف لەگەڵ حکومەت قسە دەکەین، موجامەلەی ناکەین، حکومەتی خۆمانە، دەسەڵات بەشێکە لەخەڵکی کوردستان خۆ ئیستیراد نەکراوە، هێزە دەسەڵاتدارەکانی دەنگیان پێ دراوە، دەنگەکە ئەگەر هەندێکیش بۆ ساختەکاری بێت، بەڵام دوو هێزی گەورەی کوردستانن و دەنگیان پێدراوە، ئەو دەنگدەرە خۆی پێی وایە ئەو حیزبە باشە بۆ دەسەڵات، کەواتە دەبێت ئەوەش بزانین و مەسەلەکە ئەو بەشەشی تێدایە، زەمەنێکی دەوێت کە هێزەکان ئاڵوگۆڕی جێگە بکەن و کاربکەن بۆ ئاشتکردنەوەی هاوڵاتی، لە هەمان کاتدا چاکسازی لە ئەدای ئیداری و سیاسی و ئابوری و لایەنەکانی تر، ئێمە هەر لەسەرەتاوە وەك لایەنێکی سیاسی کە هاتینە مەیدان، بڕوامان بەوە بوو کە دەبێت لەگەڵ هەموو هێزەکان دەبێت ئاشت بین، لەگەڵ هەموو خەباتگێری ئەو ساحەیە، بە هەموو جیاوازییەکی ئایدۆلۆجی و سیاسی و بیرکردنەوەو تێگەیشتنەکانمان دەبێت ئاشت بین.

ئێمە پێش ئەوەی خۆمان ئیعلان بکەین یەکەم هێزێك لەگەڵی ئاشتیمان کردەوەو هاوکاریشمان کردوە هاولیستیمان کردوە لیستی ئیسلامیمان پێکهێناوە لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی ساڵی(٩٢)، کەواتە ئێمە ئەزمونمان زۆرە لەپێکەوە هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە ئیسلامیەکان، هێزە عیلمانیەکان، هێزە دەسەڵاتدارەکان، هێزە کەمدەستەکان، وەك ئەم چوار حیزبەی کە لەم کۆتاییەدا کردمان، هەموومان تاقیکردۆتەوە و ئەزمونمان هەیە لەهەمووی، لەهیچیشی پەشیمان نین، بەڵام ئەزموونە و شتی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی تێدایە، بەڵام بەگشتی خۆمان ناخەڵەتێنین و موجامەلاتیش ناکەین، ئێمە وا دەزانین یەکگرتووی ئیسلامی ئەزمونەکەی لە بەغدا بە دابەزینی بەجیاواز توانیویەتی کە نمونەیەکی جوان پێشکەش بکات، لەبەرئەوە بەردەوام بووین، ئەو قسانەش کە بۆچی لیستی ئیسلامیمان پێك نەهێنا، ئێمە بەشێکین لە مەوزوعەکە، لەوانەیە ئەگەر تەفسیل باس بکەین قسەی خۆمان هەبێت، بەڵام بەکورتی وامان زانی ئەزمونی بەتەنها دابەزین باشترە، ئەوەش دژایەتی کەس نیە، لایەنە ئیسلامیەکان خۆیان دەزان ئێمە بەینمان چەند سروشتی و برایانەیە لەگەڵیان و لیژنەی هاوکاری و تەنسیقمان هەیە، بەڵام واشمان زانی ئەزمونەکە بەتەنها دابەزین بۆ ئەوان و بۆ ئێمەش بە باشمان بینی، خۆشیان پێیان باش بوو، ئەوەش شاراوەنیە ،کە ئێمە بڕوامان بە بەشکردنی ساحەی کوردستان نیە بۆ عیلمانی و ئیسلامی و، ناشمانەوێت تەسجیل بکرێت لەسەرمان جارێك لە جاران، ئەزمونی چوار حیزبەکەش بۆ شکاندنی ئەو دیوارە بوو، ئەو تێگەیشتنە بوو کە ئێمە خەڵك بەش ناکەین، ساحەکە ئەوەندە مەشاکیلی کەم نیە، ساحەی ئیسلامی و عیلمانیش دروست بکەین، هەیە مەرجەعیەتی ئیسلامیە، هەیە مەرجیەعیەتی شتێکی ترە، ئەوە ساحەیە هەموو هاوکارین و هەر کەس ئەزمونی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە **پێکەوە دابەزین مانای یەکبوون نیەو بەجیا دابەزینیش مانای مانای دژایەتی نیە.**